Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080411

# پێناسەکردنەوەی زمان، لە گۆشەنیگای ئاستەکانییەوە
## (دەربڕاوی زمانی کوردی بە نمونە)

بێستون ئەبوبەکر عەلی
بەشی کوردی // زانکۆی سلێمانی// کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت

**پوختە**

مرۆڤەکان توانایان هەیە، بە زیادتر لە زمانێك خولیا و ئارەزووەکانی بخەنەڕوو، وەك (زمانی ئاماژە(جەستە)، زمانی غەریزەیی، زمانی هزریی.. تاد)، کە لە ئەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان ئەم جۆرە زمانانە نییە، بەڵکوو مەبەستمان بەرهەمی زمانە، کە ئاخاوتن و دەربڕینەکان دەگرێتەوە، کە بە دەم گۆدەکرێن و بە گوێ دەبیسترێن، یان بە دەست دەنووسرێن و بە چاو دەخوێندرێنەوە. لێرەوە زمان وەک ئامرازێك بیناوە، بۆ ئەوەی مرۆڤ بیروبۆچوونی خۆی پێدەربڕێت. دەنگەکان بە شێوەیەکی فیزیایی لە ڕێگەی کۆئەندامی هەناسەدانەوە دروستدەبن، هەر دەربڕاوێکی زمانیی پێویستی بە بڕێك لە وزە هەیە، بۆ ئەوەی دەربڕدرێت، کە دەربڕدرا بە خێرایی لە ڕێگەی هەواوە بە گوێگر دەگات و پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان دروستدەکەن. مرۆڤەکانیش زۆربەی کات لە ڕێگەی زمانەکەیانەوە ناوێك دەنێن، یان خۆیان و زمانەکەیان بە نەتەوەیەك، یان وڵاتێك دەناسێنن و خزمەتی خۆیانی پێدەکەن.

چێوەی توێژینەوەکە نمونەی زۆر هەڵناگرێت، نمونەکانیش لە بواری (فەلسەفەی زمان، زانستی زمان، ئاخاوتنی ڕۆژانە، بەراوردی زمانی کوردیی و بیانیی، زمان و ئایین... تاد)، وەك مشتێك نمونەی خەروارێك هێنراوەتەوە. واتە بۆ هەریەك لە ئەم ناونیشانە نمونەیەك، یان زیادتر هێنراوەتەوە، بۆ ئەوەی ئەنجامی بابەتەکە بخرێتەڕوو. ئەگەرچی چەندین نمونەی تریش ئاسانبووە بهێنرێتەوە، بەڵام دواجار بە جۆرێك لە دووبارەبوونەوە زانراوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەبووە، خۆمان لە هێنانەوە نمونەی زۆر بواردووە. ئەم توێژینەوەیە لە چەند ئاستێکی ترەوە دەتوانرێت لە لایەن توێژەرانی بە ئەزموون و زانایانی زانستی زمانەوە فراوانبکرێت، کە بە هیوایین ئەم کارە بکرێت. واتە دەتوانرێت بیروڕای زانستیی لە ئەم بوارەدا زیادتر بخرێتەڕوو. ناوەڕۆکەکەیشی زیادتر ورژاندنی بیری بۆ بابەتەکانی زانستی زمان تێدایە.

*Article Info*

Received: October , 2021
Accepted : Noember ,2021
Published :Desember ,2021

*Keywords*

پێناسەی زمان، گۆشەنیگای ئاستەکانی زمان، دەربڕاوی زمانی کوردی.

*Corresponding Author*

Bestoon.ali@univsul.edu.iq

## پێشەکی:

ئەم ناونیشانە، ئەگەر چی فراوانییەکی تێدادەبیندرێت کە ئاسان سنوردارناکرێت، بەڵام بە هۆی ماندووبوونی توێژەرانی پێشووترەوە، کە خەرمانێکی گەورەی توێژینەوەیان نووسیوە -ئەمەیش وایکردوە، بیرۆکەکە لە ناو بیری ئەو نووسەرانەوە وەربگیردرێت و کەمێك زیادە، یان روونکردنەوە لە ڕێگەی شیکرنەوەوە بخرێتەڕوو. بە شێوەیەك لە ئەنجامدا پێناسەیەکی پوختی (کۆنکرێتی) زمان کراوە، کە لە هەموو بوارەکانی تری زانستدا بە کورتی و بە ئاسانی دووبارەبکرێتەوە. ئەم توێژینەوەیش لە ئاستی ناوخۆ و جیهانیشدا دەتوانرێت بگوترێت، بە جۆرێك لە ڕچەشکێنی و نوێگەریی لە زانستی زماندا دانراوە/ دادەنرێت.

بە ئەو پێیەی (تیۆری) ئاسانکاریی بۆ توێژەر دەکات هەتا توێژینەوەکەی سنوردار و زانستیی بێت. لێرەدا "ئاستەکانی زمان" وەك تیۆرییەك بەکارهاتووە، بۆ ئەوەی ناونیشانەکەی پڕوونبکرێتەوە، بەپێی ڕێبازێکی شیکاریی و وەسفیی و هەندێك جاریش پەنا بۆ بەراوردکردن براوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گشتیی زمان پێناسەبکرێتەوە. هاوکات هەوڵدراوە سود لە میتۆدێکی تایبەت ببینرێت و هەندێك لە ئەو سەرچاوە و توژینەوەکانی پێشووتر سەبارەت بە "ئاستەکانی زمان" و پێناسەی ئاستەکان و دابەشکردنی ئاستەکان بە سەربدابچینەوە و بیروڕای جیاواز لەسەر پۆلکردن و پێناسەکردنی ئاستەکانی زمانیش بخرێنەڕوو، بۆ ئەوەی زیادتر زانستیی بین، بەڵام نەتوانراوە بەسەر هەموو کارەکانی پێشووتردا بچینەوە، لەبەر سنورداریی توێژینەوەکە لە هەندێك شوێن بە کەمی پەنا بۆ دووبارەبوونەوە براوە، بۆ ئەوەی مافی زانستیی بە توێژینەوەکە بدرێت، بە هیوایین توانیبێتمان بە چەند ڕستە و ئەنجامێکی زانستیی بگەین، کە ئەمەیش ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکەیە.

هێنانەدی ئامانجی زانستیی و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەی خواستووە، بەسەر دووبەشدا دابەشبکرێت:

لە بەشی یەکەمدا بە شێوەیەکی تیۆریی باسی تیۆریی ئاستەکانی زمان کراوە، دواتر بیروڕای جیاوازیی توێژەران لە کۆنەوە بۆ نوێ بە پوختیی باسکراوە. بەشی دووەم: تیۆری ئاستەکانی زمان بە تیۆر و بنەمای سەرەکیی توژینەوەیەکە دانراوە، بۆ ئەوەی زیادتر لە زمان و دەرخستنی ئاڵۆزییەکانی و باسکردنی زمانیش لە ڕوانگەی زانستی زمان و ئایینییەوە تویژینەوە بکرێت، بۆ ئەوەی بە ئامانجی ناونیشانی توێژنەوەکە بگەین.

### 1) ئاستەکانی زمان، لە گۆشەنیگای زمانناسییەوە:

ئاستەکانی زمان، یەکێکە لە باوترین زاراوەکانی زانستی زمان، کە لە کاتی توێژینەوەدا ئاسانکاریی بۆ توێژەر دەکات. بۆ ئەم مەبەستەیش دەتوانرێت وەك تیۆرییەك لە ئەم توێژینەوەیەدا بەکاربهێنرێت، چونکە خاوەنی بنەمایەکی ڕوونە. بۆ ئەوەی لە زمان باشتر بگەین، دابەشکردنی ئاستەکانی زمان لە کۆنەوە کاری لەسەرکراوە، بەڵام بە ئەم شێوەیەی ئێستا نەبووە، کە لە زانستی زماندا کاری پێدەکرێت، بەڵکوو بە شێوەیەکی تر و بۆ مەبەستی تر بووە.

وێڕای ئەوەی نازانرێت چ کات و ساتێك یەکەم مرۆڤ لەسەر زەوی قسەیکردووە، بەڵام زانینی مێژووی نووسینەکان (نووسین پارێزەری قسەکردنە)، هەتا ڕادەیەك ڕوونترە. ئاشکرایە دۆزینەوەی یەکەم شێوەی نووسین لە شارستانییەتی سۆمەرییەکان و میسرییەکاندا بووە، بەڵام ژمارەی دەقە نووسراوەکانیان زۆر نەبوون. پاشان زمان لای یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان قسەی لە بارەوە کراوە، لە دابەشکردنی پۆلەکانی ئاخاوتن و ئاستەکانی دەنگ و وشە و واتادا ڕوونکرکردنەوەیان داوە و بەرچاو ڕوونییان لەسەر ئاڵۆزی توێژینەوە لە زماندا خستووەتەڕوو، بەڵام زیادتر بۆ مەبەستی فەلسەفیی و ڕۆشنبیریی گشتیی ئەم کارەیان کردووە. کاتێك تەماشای مێژوو دەکەین، بۆ نمونە، دەقی یۆنانییەکان بەناوبانگە (**بەنامێیە**)، بە تایبەتیی ئەو دەقانەی پێش لەدایکبوونی عیسا (د.خ) نوسراون، لە ناو ئەو دەقانەیشدا ئەوەی بە زمانەوە پەیوەستە، گفتوگۆکانی ئەفلاتۆنە. گفتوگۆی (کراتلیۆس) بە تایبەتی کە لە سەر ناو و ناونانە. لێرەدا ناولێنەرێکی ئەفسانەیی هەیە و ناو لە شتەکان دەنێت، دواتر لە ئەم گفتوگۆیەدا لەسەر دروستیی ناو و ناولێنراوەکان(شتەکان/ کەرەستەکان)، دەدوێت. وێڕای ئەوەیش لە ئەو سەردەمەدا وشەی(**onoma**)ی یۆنانی دوو واتای گشتیی هەبووە. یەکەمیان: بە شێوەیەکی گشتیی واتای "وشە" گەیاندووە. واتای دووەمی(**onoma**): بە شێوەیەکی تایبەتیی واتای (ناو)ی گەیاندووە. (کراتلیۆس)، بڕوای وایە: هەرناوێك تەنها ئەو کارە دەکات، کە سروشت بۆی دیاریکردووە(ئەفلاتۆن، 2006: 1 - ١٠). لێرەدا مەبەستی ئەوەیە ناو پێوەندی لە تەك ناونراو و شتەکاندا هەیە و پێوەندی ناو و ناولێنراو ڕاستەوخۆیە. ئەمەیش لە ڕێگەی زانایانی زانستی زمانەوە توێژینەوەی لەبارەوە کراوە و تاڕادەیەکی باش ئەو بیروڕایە ڕەخنەی لێگیراوە و پێوەندی ناو لێنراویان بە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتییان داناوە.

وەك لە پێشووتر ئاماژەی بۆ کراوە، بابەتی زمان لە دیدی جیاوازەوە وردبوونەوەی تێداکراوە، بەڵام ئەوەی لای مێژوونووسانی وەك (**بلۆمفیێڵد و ڕۆبنس**)، ڕوونبووەتەوە و بە باشتریان زانیووە. سەرەتای سەرهەڵدانی توێژنەوە لە زمان بۆ لای (هیندییەکان) بگەڕێننەوە، چونکە بە شێوەیەکی وردتر لە (یۆنانییەکان)، توێژینەوەیان لە زماندا کردووە، بەڵام لە گۆشەنیگای ئایینییەوە و بۆ مەبەستی ئایینی توێژینەوەیان لە زماندا کردووە. توێژینەوەکانیشیان زیادتر لە ئاستی (پێکهاتەی) دەنگسازیی و وشەسازیی و ڕستەسازیی و واتاسازیی، لە زمانی (سانسکریتی)دا، کردووە (تالیب حوسێن علی، 2014: 10-17).

هاوکات (پێش سەردەمی بوژاندنەوەی بیری ئەورووپی (ڕێنیسانس) و دوای ئەو سەردەمەیش، ڕێبازێکی گرنگی فەلسەفیی هەبووە، کە لە ڕوانگەی زمانەوە تەماشای مەودای بیرکردنەوەی (بیر و ئاوەز)، مرۆڤیان کردووە، کە بە ڕێبازی ناوەکان (فەلسەفەی ناوی) ناونرابوو. بە پێی ئەم ڕێبازە، واتای ناوەکان بە سنووری بیرکردنەوەی (ئاوەزی) مرۆڤ دانراون، بەڵام لە ئەم ڕێبازەدا بە دوای تێگەیشتن لە ڕاستیی و سنووری تێگەیشتنی مرۆڤدا گەڕاون، بۆ ئەوەی بزانن هەتا چەند دەتوانن لە دەوربەری تێبگەن. ئەم ڕێبازە درێژەی هەبووە، هەتا لە سەدەی چواردەیەمدا (**ئۆکام**) کە بە دامەزرێنەری ڕێبازی ناوەکان دادەنرێت (ئیلیاس بیلکا، 2016: 31 -34)، لێرەوە دەبینرێت لە ڕێگەی ناوەکانەوە هەوڵدراوە بە دوای پێناسە و تێگەیشتنی مرۆڤدا بگەڕێن. واتە بە شێوەی ورد بۆ پێناسە و تێگەیشتن لە زمان نەگەڕاون، بەڵکوو وەك تێڕوانینێك و بیروڕایەك لە ڕێگەی ناوەکانەوە باسی تێگەیشتنیان لە ڕاستیی کردووە. ئەمەیش ناچێتە چێوەی زانستی زمانەوە، بەڵام لێرەدا گرنگیی ناو وەك دەربڕاوێکی بیرکردنەوەی مرۆیی دووپاتدەکەنەوە، بۆ ئەوەی لە سنووری تێگەیشتنی مرۆڤەکان تێبگەین.

ئاشکرایە، یۆنانییەکان زمانیان بۆ پۆلەکانی ئاخاوتن (ناو، ئاوەڵناو، کردار... تاد) دابەشکردووە. بۆ مەبەستی فەلسەفیی بەکاریانهێناوە. هیندییەکانیش لە ڕووی ئایینییەوە لە زمانیان ڕوانیووە. بە پێی چەند ئاستێکی زمانی توێژینەوەیان لە کتێبە ئایینییەکان کردووە. لەسەردەمی پێش و دوای ڕێنیسانسیش، بۆ تێگەیشتن لە مرۆڤ لە ڕوانگەی زمانەوە، توێژینەوەیان کردووە، بەڵام ئەمانە ناچنە چێوەی زانستی زمانەوە، چونکە زانستی زمان تەنیا لەبەر خاتری تێگەیشتن لە زمان، توێژینەوەی لە زمان کردووە.

ئەوەی لای پسپۆڕانی زمان ڕوونە، کە لای پسپۆرانی زمان درەنگتر توێژینەوە دەستیپێکردووە. بە شێوەیەکی گشتیی توێژینەوە لە زمان بۆ کارەکانی فەردیناند دیسۆسێر (1857 -1913) دەیگەڕێننەوە، کە دامەزرێنەری زانستی زمانی نوێیە. ئەم زانایە ڕێگەی بۆ توێژەرانی سەدەی بیستویەکەمیش خۆشکردووە (فەردیناند دیسۆسێر: 2014: 11). **(فەردیناند دیسۆسێر)**، بڕوای وایە ((زمان سیستەمی نیشانەکانە، دەنگە زمانییەکان واژە و واتای زمانیی دەدۆزنەوە، کە بۆ دەربڕینی هزر و بیرۆکەکان بە کاردەهێنرێن)). (هەمان سەرچاوەی پێشوو، 29). وەك دەبینین، جەختی زیادتری ئەم زانایە، لە ڕوانگەی دەنگسازییەوە بووە و بڕوای وابووە، لە زمانێکی تایبەتدا (جیاوازی دەنگەکان، دەبێتە هۆی گۆڕانی واتاکان). (هەمان سەرچاوەی پێشوو: 132). لە زمانی کوردییدا بۆ نمونە: وشەکانی (باخ، شاخ)، بە هۆی گۆڕانی فۆنیێمی (دەنگی) [ /ب/ بۆ /ش/ ]ەوە، شێوەی وشەکە و واتای وشەکەیش گۆڕاوە. وێڕای ئەوەی **(فەردیناند دیسۆسێر)**، لایەنی ئێستا و مێژووی زمانی باسکردووە، گرنگی بە ئاخاوتنی ڕۆژانە لە کات و شوێن و چینێکی دیاریکراو داوە. لە ئاستی وشەسازییشدا لە پێوەندی ناو و ناولێنراوی (دال و مەدلول)... تاد، شیکردووەتەوە، بەڵام لە ئاستی ڕستەسازییدا باسی ئاستی ستوونیی و ئاسۆیی کردووە. وەك دەبینین لای ئەم پسپۆڕە جیهانییەش هەندێك تایبەتمەندیی زمان و کرداری زمان بە نارۆشنیی ماوەتەوە و نەیتوانیوە هەموو لایەنەکانی زمان شیبکاتەوە، بەڵام ناتوانرێت کارەکانی و میتۆدە زانستییەکەی لە بواری زانستدا پشتگوێبخرێن(لەسەر توێژینەوە لە زمان لە کۆنەوە بۆ نوێ بروانە: وریا عومەر ئەمین، 2011:9: - 24).

ئەوەی لای زانایانی زمان زانراوە، پوختەی تیۆریی ئاستەکانی زمان ئەوەیە، زمان بە سەر چەند ئاستێکدا دابەشیانکردووە و ناویانلێناوە، بە ئەم شێوەیە تێگەیشتنی لەسەر زمان ئاسانتر کردووە و پلەیەکی باشی زانستییش بە زمان دراوە. بە شێوەیەك زۆربەی کات ئەنجامی شیکردنەوەکانی زۆر لەیەکتری نزیککردووتەوە. کاتێك چەند کەسی جیاواز ئەو شیکردنەوەیە بکەن وەك یەك دەبینرێت، بۆ نمونە لە ئاستی دەنگسازییدا (فۆنۆلۆجی)، هەر توێژەرێك(کەسێك)، مۆرفێمی سەربەخۆی (گوڵ)، شیبکاتەوە، پێیوایە لە فۆنێمەکانی [/گ، و، ڵ/] پێکهاتووە. لێرەوە ئێمەیش ئەم تیۆرییە بۆ توێژینەوەکە وەك بنەمایەکی سەرەکیی بەکاردەهێنین.

**1/1) دابەشکردنی ئاستەکانی زمان لە گۆشەنیگای زمانەوانانەوە:**

بە شێوەیەکی جیهانیی و گشتیی ئاستەکانی زمان لە سەردەمی نوێتردا، لە لای (فەردیناند دیسۆسێر 1857:1913)، زیادتر گرنگی بە ئاستی (فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی)، داوە. گرنگیی بە ئاخاوتنی کۆمەڵایەتیی داوە و زۆر بە لای نووسیندا نەچووە، مەگەر لە کارەکانی پێشویدا نەبێت، بە بەمەستی بەراورد زمانەکانی هیندۆئەورپیی کاری لەسەر نووسین کردووە و دواتر بیروڕای لەسەر ئەم بابەتە گۆڕاوە. واتە (بابەتە سەرەکییەکانی زانستی زمان، هەموو ڕواڵەت و بابەتەکانی ئاخاوتنی مرۆڤ دەگرێتەوە). (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فەردیناند دیسۆسێر 2018: 36). واتە زمانی ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ وەك نمونە وەرگرتووە.(زمانی ئۆنلاین: خەڵکی ئێستا قسەی پێدەکەن). دیارە((زانایانی زمان بۆ ئەوەی بەرگێکی زانستیی بکەنەبەر، زانستی زمانیان دابەشکردووەتە سەر چەند لیڤڵێک، دەستنیشانکردن و دۆزینەوەی لیڤڵەکانی زمان خۆی دەستکەوتێکی گرنگی زانستی زمانە)). (وریا عومەر ئەمین، 2004: 23).

نەوام چۆمسکی (1928:)، لە سەرچاوە نووسراوەکانیدا زیادتر گرنگیی بە ئاستی ڕستەسازیی (سینتاکس) و وشەسازیی داوە. ئەم زانایە، زمانی تا ڕادەیەك لە ئاخاوتنی کۆمەڵایەتیی دابڕاوبووە و زمانێکی پێوانەیی (ستاندارد) بەکارهێناوە*. واتە زمانی ئامادەکراو (ئۆفلاین: زمانی نوسراو و ڕێکخراوی) بەکارهێناوە.

وەك ئەوەی خرایەڕوو، زانایانی زمان کاتێك تەماشای زۆری دەربڕاوەکانی زمانیان کردووە، زانیویانە کە بە ئاسانی ناتوانرێت توێژینەوەیان لە بارەوە بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەیش زمانیان بۆ چەند ئاستێك دابەشکردووە. ئاستەکانی زمانیش وەك کارگەیەکی شیکەرەوەیە. دەربڕاوە زمانییەکانیان وردورد کردووەتەوە. بە پێی ئاستەکانیش پسپۆڕییە زانستییە زمانەوانییەکان جیاکراوەتەوە و زانستی زمانیش بە ئەم شێوەیەی ئێستا پەرەینەسەندووە. (ڕەیمەند هەکی: Ramand hickey)، لە کتێبی ئاستەکانی زماندا، پێنج ئاستی زمانی دیاریکردووە و هەربەشێکی بە وردیی و بە کورتیی ناساندووە. بە ئەم شێوەیە:((پراگماتیك: بەکارهێنانی زمان بە پێی دەوربەر کاردەکات. دواتر (واتاسازیی)، باسی واتا بەردەوامەکانی وشەی کردووە. دوای ئەم دوانەیش گەورەترین و سەرەکییترین بەشی ئاستەکانی زمانی بە ڕستەسازیی (سینتاکس)، ناو بردووە، کە توێژینەوە لە ڕستەکانی زمان دەکات. باسی ئاستی وشەسازیی کردووە، کە لێکۆڵینەوە لە شێوەی (فۆڕمی) وشەکان دەکات. ئاستی دەنگسازیی (فۆنۆلۆژی) باسکردووە، کە کار لە پۆلکردنی دەنگەکان لە زماندا دەکات. لە کۆتاییشدا باسی دەنگسازیی گشتیی (فۆنەتیك) کردووە، کە بە بچوکترین ئاستی داناوە، کە لێکۆڵینەوە لە هەموو دەنگەکانی زمانی مرۆڤ دەکات(https://www.uni-due.de/SHE/REV_Levels_Chart.htm).

وێڕای ئەوەیش لە سەرچاوە زانستییە عەرەبیەکاندا هاتووە، کە((لە زانستی زمانی نوێدا، زمانیان بۆ چوار ئاست: دەنگسازیی، وشەسازیی، ڕستەسازیی، واتاسازیی دابەشکردووە))(حاتم ساڵح، 1991: 13). ئەمەیش وەك تیۆرییەکی زمانی کاری پێکراوە، بەڵام وەك تیۆر ناونەبراوە، بەڵام لە ئەم توێژینەوەدا وەك تیۆرییەك سودی تەواو لە ئاستەکانی زمان بینراوە و مامەڵەی تیۆرێکی لەگەڵدا کراوە و وەک بنەمای سەرەکیی توێژینەوەکە دانراوە.

لە سەرەتاوە و لە لایەن خەمخۆران و پسپۆرانی زمانی کوردییەوە، ئەم زاراوەیە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسکراوە. باسی خودی زاراوەی **"ئاستەکانی زمان"** نەکراوە، بەڵام باسی پێکهاتەی زمان/ لقێکی ئاستەکانی زمان کراوە. لێرەدا بە شێوەیەکی کورت و توێژینەوەیی باسیاندەکەینەوە، بەڵام ناچینە ناو وردەکارییەکانەوە، چونکە فراوانە.

له سالانی بیستەکاندا له لایەن مامۆستا (**سەعید سدقی**)، له کتێبی (موختەسەر سەرف و نەحوی کوردی)، باسکراوە. وەک دەبینین بۆ بەرگی کتێبەکەی ناوی (وشەسازیی و ڕستەسازیی) داناوە. له دەستپێکیشدا باسی فۆنێمەکانی زمانی کوردیی کردووە، بەڵام بە ڕێنووسی عەرەبیی چاپکراوە.(مەبەست له ئەلفێی ئارامیی نییە، بەڵکوو ڕێک ئەلفبێی عارەبەکانە). هاوکات پێناسەی وشەی بە ئەم شێوەیە کردووە، وشە((تەنها لەفزێکە مەعنای هەبێت))(سەعید سدق، 1928: 6)، لێرەیشدا باسی وشەی کردووە، کە واتای هەبێت، بەڵام باسی واتاسازیی نەکردووە. دواتر پۆلەکانی ئاخاوتنی دیاریکردووە و دابەشیکردوون بۆ (ناو، ئاوەڵناو، جێناو، کردار)(سەعید سدق، 1928: 6). دوای ئەم باسەیش ڕێزمانی زمانی کوردیی لەسەر پێوانەی زمانی عەرەبیی باسکردووە. ئەمەیش دەتوانرێت ئەوەی لێبخوێنرێتەوە، بۆ ئەوەی له زماندا توێژینەوە بکەین. پێویستە زمان بۆ چەند ئاستێک(پێکهاتەیەکی) بچوکتر دابەشبکەین، بەڵام توێژەر ڕاستەوخۆ ناوی ئاستەکانی زمانی نەهێناوە، بۆ سەردەمی خۆی و ئێستایش سەرچاوەیەکی بەنرخ و بەسودە.

دوای ئەمیش ڕێزماننووسی کورد (**تۆفیق وەهبی**)، له ساڵی (1929)ی کتێبی (دەستوری زمانی کوردی)، لەسەر پێوانەی زمانەکانی ڕۆژئاوا (فەرەنسی... تاد.) نووسیوە.(تۆفیق وەهبی، 1956:3). ئەم سەرچاوەیش لەسەر پێوانەی زمانی بیانیی و بە ڕێنووسی عەرەبیی لەسەر ڕێزمانی کوردیی نووسراوە. له دەستپێك و بەشی یەکەمدا، له بری زاراوەی ئاستەکانی زمان، کۆمەڵێك پێناسەی زاراوەکانی زانستی زمانی بە ئەم شێوەیە کردووە:(زمان: له ڕێگەی زمانەوە بیرکردنەوە و بۆچوونەکان دەخوێنرێنەوە، دواتر دەنوسرێتەوە. لەسەر (وشە)یش، دەڵێت: وشە له چەند دەنگێك پێکدێت و دەردەبڕێت و دەنوسرێتەوە. هاوکات له پێناسەی (ئاخاوتندا)، نوسیویەتی: دەربڕینی دەنگە، له ڕێگەی دەمەوە. باسی (نووسین)، دەکات و دەڵێت ڕێنووس: بە وێنەگرتنی دەنگ له ڕێگەی نوسینەوە ناسراوە...تاد)(تۆفیق وەهبی، 1956: 5). وەك دەبینین ئەم ڕێزماننووسەی کوردیش، بە ئەم شێوەیە باسی چۆنێتیی توێژینەوەی زمانی له ڕێگەی(وشە، دەنگ، نووسین)، کردووە. بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بە ئاستەکانی (پێکهاتەکانی) زمان کردووە، بەڵام نووسین ئاستی زمان نییە. واتە تاڕادەیەک تێکەڵیەکی پێوەدیارە، بەڵام کارێکی بەنرخە.

(**ئەورەحمانی حاجی مارف**)یش، له یەکێك له سەرچاوەکانیدا (زمانی کوردی له بەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا)، باسی ئاستەکانی زمانی کردووە. سەرەتا باسی (فۆنەتیك) و دواتر (فۆنۆلۆجی) کردووە و له کۆتاییشدا باسی (هێز و ئاوازە)ی کردووە.(بۆ زانیاری زیادتر بڕوانە: ئەورەحمانی حاجی مارف، :67-74). واتە له ڕێگەی ئاستەکانەوە شیکردنەوەی بۆ زمان خستووەتەڕوو... تاد. بۆ نمونە:

1. تەختە

1.ا: تەختی زەوی

1.ب. تەختەی دار

وشەیەکی وەك (تەختە)، بە هۆی گۆڕینی هێزەوە، جارێك واتای (1.ا: تەختی زەوی) و جارێکیش بە واتای (1.ب: تەختە و دار) هاتووە، له باسی ئاوازی ڕستەیشدا بۆ نمونە: ڕستەی ژمارە (2:ا. ب) تەماشابکەین:

2. مامم هات

2.ا: **مامم** هات(؟).

**2.ب:** مامم **هات**(.).

ئەگەر جەخت و ئاوازەکە له سەر وشەی (مام) بێت وەک له ڕستەی (2:ا) دا هاتووە، ڕستەکە پرسیارییە، بەڵام کاتێك جەخت و ئاوازەکە لەسەر (هات) بێت - وەک له ڕستەی (2:ب)دا هاتووە، ڕستەکە وەك ڕستەی هەواڵیی دەردەکەوێت. وەك دەبینین له بواری زانستی زماندا بۆ ئەم دوو دیاریدەیە، دوو زاراوەی (هێز، ئاوازی ڕستە)، بۆ دانراوە. واتە له ڕێگەی ناونانەوەیە دیاردەکانی زمان شیدەکرێنەوە و جیادەکرێنەوە، ناو و ناونان هێندە گرنگە. واتە: (هێز، ئاوازی ڕستە)، دوو ناو و زاراوەن بۆ دوو دیاردەی زمان دانراون.

له ئەم سەردەمەی ئێستا و له لایەن پسپۆڕانی زمانی کوردییەوە بە وردیی له لایەن چەندین توێژەرەوە باسی(ئاستەکانی زمان)، بە شێوەیەکی زانستییانە کراوە. لێرەدا بە کورتیی له بەر چێوەی توێژینەوەکە، باس له هەندێك له ئەو بیروڕایان دەکەین. ئاشکرایە (زمان خۆی له خۆیدا ئاماژەپێدانە، له چەند ئاستێکی تێکچڕژاو پێکهاتووە، هەندێکیان سەرەکیین و ئەوانیتر لاوەکیین. ئاستە سەرەکییەکان ئەمانەن:

1 . ئاستی ڕستەسازیی

2. ئاستی وشەسازیی

3. ئاستی دەنگسازیی تایبەت (فۆنۆلۆژی)

بە ئەم سێ ئاستە دەگوترێت سەرەکیی، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵ مەبەستدا هەیە، نەك له چوارچێوەی قسەکردن. ئاستە لاوەکییەکانیش ئەمانەن:

1 . ئاستی دەنگسازیی گشتیی (فۆنەتیك)

2. ئاستی واتاسازیی(سیروان سمین ئەحمەد، 2015: 19 -22).

هەر وەك زانایەکی کورد دەڵێت:((هەندێك پسپۆری زمان پێناسەکردنی زمان ئەوندە تەسکدەکەنەوە، کە تەنها ئەو سێ ئاستە سەرەکییە بگرێتەوە. بە ئەم جۆرە فۆنەتیك و واتا بۆ زانستەکانی تر جێدەهێڵن. ئاشکرایە ئاستە لاوەکییەکان له سەرەکییەکان کەمتر نین و شایەنی لێکۆڵینەوەن))(محمد معروف، 2011 : 55).

هەندێك له پسپۆڕانی تر، بڕوایان بە تێکەڵیی ئەم ئاستانە هەیە و گوتویانە: ((یاساکانی خستنەتەکیەکی هێما زمانییەکان، یان وشەکان بۆ دروستکردنی یەکەی گەورەترن و ناونراون (سینتاکس)، سینتاکسیش بە شێکی ڕێزمانی زمانێکە، کە له ئەم پێکهاتانە پێکهاتووە: (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، سیمانتیك)) (محەمەدی مەحوی: 2011: 36-37). وەك دەبینرێت، له ڕوانگەی دەربڕاوی ڕێزمانیی زمانی کوردییەوە، زمانی بۆ ئەم ئاستانە دابەشکردووە. هەریەك له ئەم ئاستانەیش بۆ شیکردنەوەی بەشێکی زمان تەرخانکراون. بۆ نمونە فۆنۆلۆژی (دەنگسازیی)، بۆ گەنجی دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو تەرخانکراوە. بە پێی ئەو یاسایانە دەنگەکانی زمان دەخرێنەپاڵ یەکتری و یەکەی گەورەتری لێدروستدەکرێت. هاوکات ئاستەکانی زمان زۆر بە یەکترییەوە پەیوەستن. وشەسازییش خۆی بە پێکهاتەی وشە و دروستکردنی وشەوە خەریکدەکات. ڕستەسازییش، دەنگەکان و وشەکان نەبن پێکنایەن و ئاستی واتاسازییش خۆی بە واتای یەکەیەکەی وشەکان و ڕستەکانەوە خەریکدەکات. له ناو هەموو ئاستەکاندا واتا بوونی هەیە(محەمەدی مەحوی: 2011:37 - 38).

ئاستەکانی زمان (دەنگ: فۆنۆلۆجی و فۆنەتیك تێدا دیاریدەکات. بچوکترین یەکەی دەنگیی لە دەنگسازییدا بە "فۆنێم" ناوبردووە. ئاستی ڕێزمانیشی بۆ (وشەسازیی و ڕستەسازیی)، دابەشکردووە. لە واتاسازییشدا ئاستی (سیمانتیك و پراگماتێك)، جیاکردووەتەوە. بە پێی ئەم ئاستانە دەتوانرێت ئاڵۆزییەکانی زمان زیادتر توێژینەوەیان تێدابکرێت(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هۆگر مەحمود فەرەج، 2005: 119).

وەک لە پێشەوە ئاستەکانی زمان(دەنگسازیی، ڕێزمان، واتاسازیی... تاد)، باسکران. لە ناو ئاستەکانیشدا هەر ئاستە و بچوکترین یەکەی زمانی دیاریکردوە. پوختەی بۆچوونە زانستییەکانی سەرەوە بریتیین لە:

1.دەنگسازیی تایبەت (فۆنۆلۆژی): لە دیاریکردنی دەنگەکان و پۆلکردنی (فۆنێمەکانی) زمانێکی تایبەت توێژینەوە دەکات و هەموو زمانێك چەند فۆنێمێکی تایبەت بەخۆی هەیە. بچوکترین دانەی ئەم ئاستە (فۆنێم)ە.

2. دەنگسازیی گشتیی (فۆنەتیك): لە لایەن پسپۆرانەوە، هەندێك کات بە بچوکترین ئاست دانراوە، یان بە ئاستێکی لاوەکی دانراوە، بەڵام گرنگە و لە دەنگی مرۆڤەکان بە شێوەیەکی گشتیی کاردەکات. چەند جۆری تایبەت بە خۆی هەیە، ناتوانرێت پشتگوێبخرێت.

3. وشەسازیی (مۆرفێم): لە هەموو زمانێکدا مۆرفێمی (سەربەخۆ و بەند) هەیە.

4. ڕستەسازیی (فرێز)، لە ڕستەی هەموو زمانێکدا، ڕستەکان لە فرێز پێکدێن.

5. واتاسازیی(سیمانتیک)، واتای وشە پەیوەست بە دەوربەرەوە دەگرێتەوە، هاوکات واتای وشەیش بە باردۆخە جیاوازەکانی ئاخاوتنەوە پەیوەستە. کاتێك توێژینەوەی تێدادەکرێت بە پڕاگماتیك (مەبەستناسیی)، ناسراوە. (بەکارهێنانی زمانە لە دۆخی جیاوازدا، ئاواز، هێز)، بەکارهێنانی زمان لە چێوەی جیاوازدا واتای دەگۆڕێت و هاوکات بە پێی ئاواز و دەنگیش، واتای نوێ پەیدادەبێت و دەیشیگۆڕێت. ئەم بابەتانەیش پێوەندیی زمان بە دەوربەری ئاخاوتنەوە، دەچێتە چێوەی پراگماتیکەوە.

لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت، لە زماندا بچوکترین یەکە لە هەرئاستێکدا ناوێکی بۆ دانراوە و بێناو نییە. وەك خرایەڕوو، چەند بیروڕایەیەکی زانایان لەسەر دابەشکردن و جیاکردنەوەی ئاستەکانی زمان هەیە (زۆر پسپۆڕ و زانای زانستی زمانی تری کورد (ئاستەکانی زمان)یان باسکردووە، بەڵام لەبەر سنووردارِیی توێژینەوە ناویان نەبراوە). هەندێکیان زمان بۆ چەند ئاستێك دابەشدەکەن و لە یەکتری جیایدەکەنەوە و زیادتر وردیدەکەنەوە. هەندێکی تریش بڕوایان وایە، ئەم ئاستانە ناتوانرێت بە تەواوی لە یەکتری جیابکرێتەوە، بەڵکوو تێکەڵی یەکترن. بۆ نمونە لە زمانی کوردییدا سەرچاوەی زانستیی بە ناوی ((مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان)) نووسراوە، کە تێدا باسی تێکەڵیی هەردوو ئاستی وشەسازیی و ڕستەسازیی لە زمانی کوردییدا دەکات. (محەمەدی مەحویی، 2010: 3). لێرەدا دەتوانرێت ئەوە بگوترێت، ئایا مرۆڤ بە پێی ئاست قسەدەکات، یان تەنها ئاستەکانی زمان بۆ توێژینەوەیە لە زمان بەکاردێت.

**1/2) چەمکی زمان، لە گۆشەنیگای جیاوازەوە:**

کاتێك وشەی زمان دەبیستین، چەند واتایەکمان بە بیردا دێتەوە. وەك ئەوەی بگوترێت: پارچەیەك گۆشتە و لە ماسولکە پێکهاتووە. لێرەدا ئەم جۆرە واتایەمان مەبەست نییە، لە زانستی زماندا واتای زمان بریتییە: لە ئەرکی زمان، کە وەك ئامرازێکی گرنگ بۆ پێوەندیکردن و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان و دابینکردنی پێویستییەکان بەکاردەهێنرێت، ئەم ئامانجانەی زمان لە نێو زانستی زمانی (تیۆری و کارەکییدا)، توێژینەوەی تێداکراوە. لێرەشدا لە بارەی واتای دووەم توێژنەوە کراوە.

دەربڕاوی زمان لە ناو کۆمەڵدا بەکارهاتووە و کەڵەکەبووە. ئەمەیش وایکردووە کە هەموو وشەکانی زمانێك لە کات و ساتێکی دیاریکراودا بە ئاسانی کۆنەکرێتەوە و ژمێرە نەکرێت. ئەم کەڵەکەبوونەی زمانیش جۆرە ئاڵۆزییەکی زمانیی و هزریی دروستکردووە، کە ئاسان زمان نەناسێنرێت و پێناسە نەکرێت، چونکە هەریەك پەیوەست بە بوارەکەی خۆیەوە قسەی لە بارەوە کردووە. ئەم فرەپێناسەکردن و فرەبۆچوونییە لە بارەی زمانەوە، کارەکەی زیادتر گرانترکردووە و نەتوانراوە بە تەواوی زمان بناسێنرێت. چەند پێناسەیەکی جیاواز بۆ زمان وەردەگرین، بۆ ئەوەی گۆشەنیگاکان دەربکەون، بیروڕای هەندێك زانا و پسپۆڕی جیاواز لە بارەی پێناسەکردنی زمان دەخرێنەڕوو:

1. زمان: بریتییە لە ئەو واتایانەی کە خراوەتە ناو دەنگەوە(تالیب حوسێن علی،(77:2014) ئەویش لە احمد مختار عمر،5:1982 وەریگرتووە). لێرەدا باسی واتای ناو مێشکی مرۆڤەکان دەکات - هەتا نەخرێتە ناو دەنگەوە، نابێت بە زمان و ناونانرێت).

2. بلۆك و تراگەر: زمان بریتییە لە چەند ڕەمزێکی لە خۆوە، بە هۆیەوە کۆمەڵ دەتوانێت هەرەوەزی پێبکات، لە ئەم ڕوانگەیەوە(کۆزمانەوانەکان)، دەڵێن: زمان کۆمەڵێک شێوازی جیاجیایە، کە هەریەکێکیان بۆ بارێکی تایبەت دەستدەدەن. هاوکات مارتنێتیش دەڵێت: زمان هۆیەکە بۆ لەیەکترگەیشتن. دەکرێت بە چەند دانەیەکی وردەوە (مۆرفێم)، کە هەریەکەیان خاوەنی واتا و فۆڕمن. نەوام چۆمسکی دەڵێت: زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە، کە ڕێزمان دەریاندەکات. هەموو ئەم پێناسانە لە ئەوەدا ڕێکدەکەون کە زمان چەند تایبەتمەندییەکی هەیە وەک: (زمان، ڕەمزە. زمان پێڕەوە. زمان دەنگە و تایبەتە بە مرۆڤ). (محمەد معروف فەتاح:1984: 5).

3. فەیلەسوفی ئەڵمانیی (فێختە) دەڵێت: ((نەتەوە زمانە، چونکە زمان گیان و بنەمای نەتەوەییە)) (ئازاد عەزیز سلێمان، 2014: 5). لێردا زمان بە گیان چوێنراوە، کە هەیە و بە تەواوی واتاکەی دیار نییە.

4. بە بڕوای ئەفلاتۆنیش((مرۆڤەکان لە سەرەتادا یەکێکبوون لە گیانلەبەرانی تر و هیچ خودایەکیان نەبووە. هەر لەگەڵ کەسوکار و هاوشێوەکانی خۆیاندا ژیاون، دواتر پەرستگەیان بۆ خوداوەندەکان دروستکردووە و وێنەیان بۆ کێشاوە، پاشان زمانی ئاخاوتن و ناوەکانیشی داهێناوە. هەروەها ماڵ و خانووی دروستکرد)) (ئەفلاتۆن،2015: 30 -31).

5. لە یەکێك لەسەرچاوەکانی تریشدا هاتووە، کە ((ئێمە هەموو لە نێو زماندا دەژین، بە چاوی زمانیش دەبینین هەر وەك هایدگەر دەڵێت: زمان مرۆڤ دەڵێت)). (فوئاد عەبدولڕەحمان،151:2009). واتە لە فەلسەفەی هایدگەردا زمان بە ناوی مرۆڤەکە هاوتاکراوە، بەڵام ئاشکرایە کاتێك مرۆڤ نەبێت زمان نییە. ئەمەیش ئاڵۆزیی تێگەیشتن لە زمان دەردەخستووە، کە فەیلەسوفێکی سەردەمی نوێش بە تەواوەتی واتای زمان و پێناسەی زمانی بۆ ڕووننەبووەتەوە.

6. فەردیناد دیسۆسێر ((زمان سیستەمێکە لە ئەو هێمایانە پێکدێت، کە گوزارشت لە بیروبۆچوونەکان دەکەن)) (فەردیناند دیسۆسێر، 2018: 56)

لێرەدا باسی ئەوە دەکات زمان لە کۆمەڵێك هێما (ناو)، پێکدێت و بە ئەم ناوانەیە کە هەر مرۆڤێك بیروبۆچوونی خۆی ڕووندەکاتەوە، بەڵام هێمایش وەك ڕەمزێکی کۆمەڵایەتیی باسیکردووە، کە لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا لەسەری ڕێکەوتوون. ئەم زانایە بڕوای وایە، کەوا زانستی زمان (تەنها زمان بخاتە بەرباس و توێژینەوە).(فەردیناند دیسۆسێر، 2018: 56).

وەك لە پێناسەکان و بیروڕاکانی سەرەوەدا خرایەڕوو، کە ئەم بۆچوونانەی سەرەوە، هەریەکەیان لە ڕوویەکەوە لە زمانیان ڕوانیووە. ڕاستی واتایی و وردی لە دەربڕین و ئاستی زانستیدا، لە ناو هەریەکەیاندا هەیە و تێگەیشتنیش لە زمان ئاسانتر دەکەن، بەڵام ناتوانرێت بەتەواتی بگوترێت: توانیویانە پێناسەی زمان بە تەواوی بکەن. واتە ئاستەکانی زمان و پێناسەکانیش هەریەکەیان توانیویانە لایەنێکی زمان ڕۆشنبکەنەوە و پێناسەیان بکەن، بەڵام نەیانتوانیووە بە گشتیی لە هەموو ڕوویەکەوە، پێناسەی زمان بخەنەڕوو.

**2) ئاخاوتن، لە گۆشەنیگای ئاستەکانی زانستی زمانەوە:**

مرۆڤ قسەدەکات و ئاخاوتنەکانی شیکردنەوەی تێدادەکرێت، ئاخاوتنەکانیش وەك لە پێشوتردا خرایەڕوو، بە زمان ناوبراوە، زمانەکەیش پێناسەکراوە و بۆ پۆلی ئاخاوتن دابەشکراوە و بە پێی ئاستیش دابەشکراوە. هەندێکیان بۆ توێژینەوە ئاستەکانیان جیاکردووەتەوە و هەندێکی تریشیان، بڕوایان وایە ئاستەکان تێکەڵی یەکتردەبنەوە. لێرەدا بە کورتیی لەسەر ئەم دوو بۆچوونە توێژینەوە کراون و ئەو پرسیارە خراوەتەڕوو: ئایا زمان، بە پێی ئاست کاردەکات، یان تەنها ئاستەکان بۆ لێکۆڵنەوەی زمان پێویستن، ئەگینا مرۆڤ بە پێی ئاست قسەناکات، بەڵکوو ئاستەکان تەنها بۆ توێژینەوەی زانستییە، بۆ ئەوەی لە ئاڵۆزیی و فراوانیی زمان دەربازبین، بۆ نمونە:

گفتوگۆی یەکەم: کردەی بانگکردن

1 .ا. ئازاد...

**ب**. بەڵی...

کاتێك تەماشای وشەی (ئازاد) بکەین، لە ڕوانگەی ئاستەکانی زمانەوە، بە ئەم شێوەیە دەتوانرێت بخرێتەڕوو، کە لەخشتەی ژمارە دوودا هاتووە.

| دەنگسازیی | وشەسازیی | ڕستەسازیی | واتاسازیی |
|---|---|---|---|
| [/ ئ، ا، ز، ا، د/ ] | (ئازاد) پۆلەڕەگەزی ناوە | بکەرە | ناوی کەسە، توخمی نێر |

**((خشتەی ژمارە (1)، شیکردنەوەی وشەیەکان لە ڕوانگەی ئاستەکانەوە))**

وەك لە خشتەی ژمارە (1) خرایەڕوو، لەڕوانگەی دەنگسازییەوە لە فۆنێمی [/ ئ، ا، ز، ا،د/] پێکهاتووە. لە ڕوانگەی وشەسازییەوە، (ئازاد)، مۆرفێمی سەربەخۆیە و لە پۆلەڕەگەزی ناوە. (ئازاد)، لە گۆشەنیگای ڕستەسازییەوە ئەرکی هەیە و (بکەر/ بەرکارە). بە پێی ئاستی واتاسازیی ناوی کەسێکە و توخمی نێرە و بانگکراوە. هاوکات واتایەکی نادیاریش [ئەبستراکت] دەگەیەنێت. واتە هەموو ئاستەکانی زمان لە یەك دەربڕاوی زمانیدا هەیە و مرۆڤ ناتوانێت بە پێی ئاست قسەبکات، بەڵکوو ئاستەکان لە ناو زمانی خەڵك بە شێوەیەکی گشتیی لە سەری ڕێکەوتن و تاکی کۆمەڵەکەیش وەك کۆمەڵەکەیان دووبارەی دەکەنەوە. ئەم شیکردنەوەیش بۆ هەموو دەربڕاوە زمانییەکانی تریش ڕاستە. لێرەدا ئەوە دەتوانرێت بگوترێت، مرۆڤ بە پێی ئاست قسەناکات، بەڵکوو ئاستەکانی زمان وەك تیۆرییەك وایە، بۆ ئەوەی لە زمان بە وردیی تێبگەین بەکاردێت. لێرەشەوە لە ڕێگەی ئاستەکانەوە، دەمانەوێت بزانین زمان چییە، بۆ ئەوەی توێژینەوەی تێدابکەین.

هاوکات لە دەربڕاوی گفتوگۆی یەکەمدا کە (بانگکردن)ە، شیبکەینەوە، لێرەوە ناوی کردارێکی زمانمان پێدەڵێت، لە ڕوانگەی ئاستەکانی زانستی زمانەوە هەوڵدەدەرێت بە وردیی دەربخرێت:

1. لە ئاستی دەنگسازییدا، لە فۆنێمەکانی [ / ب، ا، ن، گ، ك،ر، د، ن/] پێکهاتووە، هەر دەنگێکی ناوێکی هەیە بە ئەم شێوە دەخوێنرێتەوە (بێ، ئێ، نێ، گێ، کێ، ڕێ، دال، نون). واتە لە ئاستی دەنگسازییدا هەر دەنگێك لە زمانی کوردییدا ناوێکنراوە.

2. لە ئاستی وشەسازییدا، (بانگکردن)، ناوی کردارەکەیە. (کە لە دوو مۆرفێم پێکهاتووە).

3. لە ئاستی ڕستەسازییدا، کاتێك یەکێکی تر بۆ لای خۆی بانگهێشتدەکات، بە کرداری (بانگیکرد)، یان ناوی کرداریی (بانگکردن) ناونراوە.

4. لە ئاستی واتاسازییدا، قسەکەر کاتێك ناوی کرداریی (بانگکردن) دەربڕاوە، واتایەکە کە بەرانبەر ڕووداوێك دەربڕاوە، مەبەستی ئەوەیە لەگەڵ کەسی بەرانبەردا قسەبکات، بۆ ئەوەی لێکترنزیکببنەوە. کەسی گوێگریش کاتێك بانگکرا، بۆ ئەم کردەیە، وەڵامدەداتەوە. بە جوڵەی دەست و قاچ، یان ئاخاوتن وەڵامی قسەکەر (ئاخێوەر) دەداتەوە. جوڵە و وشە و کردارەکانی هەریەکە ناوێکی لە ڕێگەی زمانەوە بۆ دانراوە. واتە کاری زمان ئەوەیە ناو بۆ واتاکان، یان جووڵەکان دابنێت، بۆ ئەوەی بە کۆمەڵ و بەتاکیش لە واتاکانی ناو ژیان بە شێوەیەك لە شێوەیەکان تێبگەن، نمونەی تر دەهێنینەوە، کە لە گفتوگۆیەکدا لە خوارەوە خراوەتەڕوو:

گفتوگۆی دووەم:

2 .ا. لاوە کتێب زۆر جوان دەخوێنێتەوە؟

ب. بەڵێ، ئەو زۆر وردە.

کاتێك تەماشای ڕستەی (ا.2) بکەین، لە ڕوانگەی ئاستی ڕستەسازییەوە لە(بکەر+ بەرکار+ ڕادە، ئاوەڵکار+ کردار) پێکهاتووە. (لاوە) ناوێکە، بەڵام لە ڕێزماندا ناوێکی ترمان بۆ داناوە کە (بکەرە). (کتێب) ناوە، بەڵام بە پێی ئاستەکانی زمان و لە ڕوانگەی ئاستی ڕستەسازییەوە، ناوێکی ترمان بۆ داناوە، کە (بەرکار)ە، یان (خوێندنەوە)وەیە، کە مرۆڤ کتێبێك هەڵدەگرێت و بە وردیی تەماشایدەکات. ئەم هەڵسوکەوت و بەوردتەماشاکردنەی مرۆڤمان ناو ناوە (پێواژووی خوێندنەوە). واتە هەرچی هەڵسوکەوتی مرۆڤە لە ئاستی ڕێزمانییدا ناوێکی تری بۆ دانراوە کە( کردار)ە. کەواتە کرداریش ناوە. واتە کاری ئێمە لە ئاستی زمان و لە ژیانی ڕۆژانە و لە هەموو بوارەکاندا ناونان و دووبارە ناونانەیەوە، بەڵام بە ڕادەیەك زانست سەرقاڵیکردووین. ناوە زانستییەکان بە پێی زانست دیاریکراوەکان لێیتێدەگەین، نەك وەك ئەوەی هەیە. واتە ئەوەی لە زمان دێتەدەرەوە بەرانبەر شتێکی (دیار/ نادیار)، لە دنیای ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤدا ناوە.

هاوشانی ئەوانەی سەرەوە، کەرەستەکانی تریش وەك ڕستەی (2. ا، ب) کە بریتییە لە دەربڕاوی (زۆر، جوان، بەڵێ، ئەو، ورد، ە)، یان ژمارەکانی وەك (1،2)، یان (ا، ب،ج..تاد)، هەریەك لە ئەمانە ناوێکن بەرانبەر شتێك لە دەرەوەی خۆماندا دانراون، یان شتێك کە ئێمە واهەستیپێدەکەین، بەڵام بە پێی زانستەکان بەهایان پێدەدەین و ناوی تریان بۆ دادەنێن. بە واتایەکی تر

هەرچی لە سروشت هەیە و مرۆڤ قسەی لەسەر دەکات، ناوێکی دەنێت. هەر ئەم شتە لە شوێنێکی تر ناوێکی تری دەنێن. ئەرکی زمان لە بواری زانستی زماندا ناونان و دووبارە ناونانەوەی شتەکانی خۆی و دەرەوەی خۆیەتی. واتە شتێکی بێناو نییە، ئەگەر شتێکی بێناویش هەبوو، ئەوا دەربڕاوی (بێناو، ئەوە هیچ ناوێکی نییە، ئەو شتە..تاد) بۆ ئەو شتە (نەزانراوە)، بە ناو دەبن، هەتا دووبارە ناودەنرێتەوە.

**2/1) پەیوەستبوونی زمانی مرۆڤ بە ناوەوە، لە ڕوانگەی تێگەیشتنی زانستییەوە:**

ئەم گەردوونە (ئەم دنیایە)، هەیە و لە لایەن مرۆڤەوە بە ناوی (دنیا و گەردوون)، ناوهێنراوە. هەرچی لە ناوەدایە و مرۆڤ بەرکەوتەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی لە تەکیدا هەیە، ناوی ناوە و بە شێوەی جیاواز مرۆڤ مامەڵە و پێوەندیی لەگەڵیدا دەکات. وێڕای جیاوازیی کەرەستە دیار و نادیارەکان، ناوی زۆرێك لە شتەکان نراوە. ئێستا وابهێنینە پێشچاومان، کە مرۆڤایەتیی ناو لە هیچ شتێك نانێت و قسەناکات، ئایا ئێستا ئەم هەمووە پێشکەوتنە هەبوو؟ ئایا زمانەکان هێندە کەرەستە و شتیان دەبوو؟ ئایا زمان وەك ئێستا ئاڵۆز بووە؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر، چونکە ناوی کەرەستەکانە بیر و هزری ئێمە دەوڵەمەنددەکات و دەتوانین بە شێوەیەك لە شێوەکان لە ڕێگەی ناوەکانەوە لە زانست و دنیا تێبگەین، چونکە بیرکردنەوەی ئێمە بە شێوەی زانستیی دەتوانین لە دنیا و دەوروبەر تێبگەین، نەك ئەوەی دنیا لەسەر زانست بڕوات، بەڵکوو زۆر لە زانستیش گەورەترە، تەماشابکەین، زانستێك بۆ زانستێکی تر لە ڕێگەی ناوی کار و بەرهەمەکانییەوە جیاکراوەتەوە. لە ڕێگەی ناوەوە نەبێت، چۆن بتوانین لەگەڵ مرۆڤایەتیی و دەوروبەرمانەوە مامەڵەبکەین! چۆن بتوانین منداڵی خۆمان و کۆمەڵەکەمان لە قەرەباڵەغییەکاندا بانگبکەین ... تاد.

وەك ڕوونکرایەوە، زانستەکانیش بە مرۆیی و سروشتییەکانەوە، لە بچوکترین شتەوە بۆ گەورەترین شت، ناوی تایبەت بە خۆیان هەیە. لە نێوانیشیاندا ناوی هاوبەش هەیە. واتە هیچ زانستێك لە دنیا بە بێناونان نابێت و پێشناکەوێت، بەڵام واتا، یان فۆڕمی"شێوەی" واتاییان جیاوازە. بە پێی زاست و زمانە جیاوازەکان، ئەمەیش ئاساییە، چونکە زمانیش زۆرکات لە تێکردەی واتاوە بۆ ناو فۆڕمێکەوە (وشەیەکەوە) دروستدەبێت، واتایش ڕۆشتە ناو هەر شێوەیەکەوە (فۆڕمێکەوە)، دەبێت بە ناوێك و بە زمانێك دەردەبڕێت. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، زمان تەنها ناو دەردەبڕێت، بەڵام ڕێکەوتنی خەڵکی لەسەرچۆنیەتیی نووسین و دەربڕینی ناو لە زانستی یەك زمان و زمانە جیاوازەکانیشدا جیاوازن.

3. ا. ڕەگی دان زانستی پزیشکی

ب. ڕەگی دار زانستی کشتوکاڵ

پ. ڕەگی کردار زانستی زمان

ت. ڕەگی دووجا زانستی بیرکاری(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ڕۆژان نوری: (2007: 193 -201).

نمونەکانی (3. ا - ت)، ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە، زانستەکانیش بە کۆبوونەوەی چەند ناوێك، بە زانستێکی تایبەت ناونراون و هەر لە ڕێگەی ناوەکانیشەوە دەتوانرێت زانستەکان لە یەکتری جیابکرێنەوە.

**2/2) پێگەی ناو، لە بیروڕاکانی فەردیناند دیسۆسەردا:**

کاتێك باسی زانستی زمان دەکرێت، ناکرێت باسی دامەزرێنەری زانستی زمانەوانیی نوێ نەکرێت، کە فەردیناند دیسۆسێرە. ئەو زۆر بە گرنگییەوە باسی ناو دەکات و دەڵێت: ((چەند ئاسانە وابیربکەینەوە کە زمان کۆمەڵێك ناوە، لەسەر ئەم بنەمایەش بونیادی سەرەکیی زمان بۆ، هەمان داستانی پیرۆز کە لە مەڕ حەزرەتی ئادەم و ناو و ناونانی ئاژەڵ دەگەڕێتەوە)). فەردیناند دیسۆسێر، 2014: 32) ئەم بیر و ڕایە ئەم زانایە و ڕوونکردنەوەکەیشی لەسەر زمانە جیاوازەکان داوە، بەڵام دودڵییەکی زۆری پێوەدیارە، چونکە شیکردنەوەی لەسەر یەك زمان نەکردووە، بەڵکوو بیرکردنەوەی یەکسەر بۆ ناوی مرۆڤ و گیاندار ..تاد، بە زمانە جیاوازەکان چووە. بۆ نمونە ئەگەر تەماشای ئەم خشتەیە بکەین:

| کوردی | عەرەبی | فارسی | ئینگلیزی | فەرەنسایی | هیندی | ئەڵمانی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەگ | کلب | سگ | دۆگ Dog | شیا Chien | گوتا... | هوند Hund |
| نان | خبز | نان | برەید bread | دۆپین Dupain | رودی | Brot |

**((خشتەی ژمارە (2) واتا لە ناو فۆڕمی ناودا، لە زمانە جیهانییە جیاوازەکاندا))**

لە خشتەی ژمارە (2) دا، دەبینین ناوی یەك گیاندار، یان ناوی خواردنێك، لە چەند زمانێکی خزم و دراوسێی جیاوازدا، فۆڕم و خوێندنەوەکانیشیان جیاوازە. مامەڵەکردنی هەریەك لە ئەو میللەتانە بەرانبەر (نان، سەگ)، جیاوازە و هەریەکەیان بە شێوەیکی تایبەت مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، بەڵام لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە هەموویان دەربڕاوی زمانین و ناویشن. واتە ناوەکان جیاکەرەوەی زمانەکانیشن و خودی زمانەکانیش پێکدەهێنن، بەڵام لە پێشووتردا بە ئەم شێوەیە تەماشانەکراوە، چونکە تەنها ناوی مرۆڤ و گیاندار و هەندێک شتی تریان بە

ناو داناوە. ئەوی تر کە ناوی جیاوازیان داناوە، بە هۆی ناوی جیاوازەوە لە پۆلی جیاوازیشدا دایانناوە، لە لایەن زانایانی زمانەوە کە کاریان توێژینەوەیە لە زمان بە ئەم شێوەیە کاریان کردووە. بۆ نمونە کۆمەڵی کوردی جموجوڵ و هاتن و ڕۆشتنی مرۆڤیان ناوی (هاتن و چوون) لێناوە، ڕێزمانووسانی کوردیش "هاتن، چوون" لە پۆلی کرداردا داناوە، دواتر لە بواری ڕێزمانییدا کرداریان وەك ناو تەماشانەکردووە و بە تەواوی جیانکردووەتەوە. ئەمەیش وایکردووە تەنانەت تێگەیشتنی لە زمانیش بۆ پسپۆڕانی زمانیش کەمێك قورسترکردووە، لە کاتێکدا هەموو کردارێکی مرۆڤ ناوێکی بۆ دانراوە. بە واتایەکی تر هەموو (دەنگ، پیت، وشە، ڕستە، ئامراز، ژمارە، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، بزرۆکە، دۆخ، پێشگر، پاشگر، .. تاد)، ئەمانە ناوێکن بەرانبەر شتێکی دورستکراو و بینراو، یان هەستپێکراو کە بە زمان دەربڕاوە. بە دیوێکی تردا هیچ شتێك لە زانستی زمان نییە ناوێك نەبێت و ناونەنرابێتەوە. لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت: لە زانستی زماندا، ئەرك و واتای زمان، بریتییە لە ناونان و دووبارە ناونانەوە، بۆ تێگەیشتن و تویژینەوە. لێرەوە دەچینە سەر بیرۆکەی سەرەکیی ناونان کە لە ئایینەکانەوە هاتووەتەئاراوە و فەلسەفە و زانستی زمانیش باسیانکردووە.

**2/3) پەیوەستبوونی تێگەیشتنی مرۆڤ بەناوە، لە گۆشەنیگای ئایینییەوە:**

ئاینەکان ئەوانەیان خاوەنی کتێبن، باسی زمان و فێربوونی زمانی مرۆڤیان کردووە و ئەم سەرهاتە ئاینییانەیش لە فەلسەفە و زانستدا ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام توێژینەوەی کەمی تێدا کراوە. لە قورئاندا کە کۆتا کتێبی ئاینییە لەبەر گرنگیی زمان چییە و بۆ چییە و چۆن فێریدەبین و زمان چۆن دروستبووە؟ ئایا زمانەکان لە ڕووی ئاینییەوە بەهایان جیاوازە؟ لە قورئاندا باسکراوە، بزانین ناو لە ڕووی ئاینییەوە پەیوەست بە مرۆڤەوە گرنگیی چییە.

کاتێك تەماشای قورئان دەکەین، سەد و چواردە سورەتە، لە سەر سەد و سێزدەیاندا دەربڕاوی (بە ناوی خودای گەورە و میهرەبانەوە: بسم الله الرحمن الرحیم) هەیە، هاوکات لە ئایەتی (بخوێنە بە ناوی خوداوە -(**اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ**)،)، یان ئایەتی (سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى) تەماشا بکەین، پێش خودا "گەورە و میهرەبان"، ناو (اسم) هاتووە. لێرەشدا ئەوە دەگەیەنێت تێگەیشتنی مرۆڤ، لە خودا و لە دەوروبەریش لە ڕێگەی ناوەوەیە، هاوکات خودایش نەوەد و نۆ ناو، یان زیادتری هەیە. مەبەست لە ئەم ناوانەیش (ناوەکانی خودای گەورە) ئەوەیە، مرۆڤ ناتوانێت خودا بناسێت مەگەر لە ڕێگەی ناوەکانییەوە نەبێت. تێگەیشتنی مرۆڤیش، کاتێك بە باشیی دروستدەبێت ناوی شتەکە و واتای ناوەکەیش باش بزانێت، ئەوکات لێیتێدەگات. تەماشابکەین لە ئایندا: خودا هەیە، بۆ ئەوەی بە خودا بگەین ناوی دروستکراوی تری داناوە وەك (فریشتە، پێغەمبەران، ناوی خودا... تاد) لە ڕێگەی ئەم ناونانەوە نەبێت، ناتوانرێت خودا بە باشیی بناسیت، بە ئەو شێوەیەی خودا دەیەوێت. واتە پێویستە ناوی خودا بزانیت و بڕوا بە بوونی بکەین لە ڕێگەی ناوەکانییەوە بڕوا بەبوونی بکەین، ئینجا دەبیتە موسڵمان و دەچێتە ناو ئایینەوە. ڕێگەی چوونە ناو ئاینیش لە ڕێگەی ڕستەیەکەوەیە، کە بڕوات بە خودا هەبێت کە تەنهایە و هاوەڵی نییە، بە دەم و دڵ ئەمە بڵێت(بڵێیت) ئینجا بە موسڵمان دادەنرێیت، بەمەرجێک کەسێکی (کەڕ و لاڵ نەبیت) ئاسایی بێت.

کاتێکیش خودا باسی فێربوون زمانیش دەکات دەڵێت:((ئادەم فێری هەموو ناوەکان کرا))، هەر ئەم توانایەش "ئادەمی" لە ئەوانی تر جیاکردەوە و لە تاقیکردنەوەکەدا سەرکەوتوبوو. واتە ئادەم و نەوەی ئادەمیش توانای پێدراوە. ناوی هەموو شتێك بنێن و ناوی هەموو شتێکیش کە گۆکرا (زمانی ئاماژەیش ناوە) ئینجا لێیتێبگات. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت تێگەیشتنی مرۆڤ و ئاخاوتنی مرۆڤ، بەرەو پێشچوونی مرۆڤیش، هەموو ئەمانە و زیاتریش، لە ڕێگەی فێربوونی ناو و ناونانی شتەکان و دووبارە ناونانەیەوەیەتی. ناوەکانیش پێش ئەوەی ببن بە ناو، واتایەکن - لە مێشك و دڵی مرۆڤەکاندان، بەڵام بۆ ئەوەی خەڵکی لە بیرۆکەکانی مرۆڤ تێبگەن، بیرۆکەکان دەکرێتە نێو دەربڕاوێکی زمانییەوە، دەربڕاوەکانیش لە دنیای ناوەوەی یادەوەریی مرۆڤدا ناوێکپێکدەهێنێت و زمانیش ناوەکان دەهۆنێتەوە و ئاخاوتنی پێدەکات. لێرەوە بە ئەو ئەنجامە گەیشتین، ناوەکان کاتێك کۆدەبنەوە و لە ناو کۆمەڵێکدا ڕێکدەکەون لەسەری دەبنە زمانێك و زمانەکانیش ناوەکان لە ناو خۆیاندا ڕێکدەخەن، ئەوکات زمان ناوەکانە و ناوەکانیش خودی زمانەکان، بەڵام دەکرێت، شێوە و واتای ناوەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بگۆڕێت، بەڵام هەموو زمانەکان ناون و ئەرکیان ناونان و دووبارە ناونەوەیە. بە دەربڕینێکی تر زمانەکان پێکهاتووی ناوەکانن، بەڵام دنیابینیی ناوەکان بە پێی میللەتەکان، ئایینەکان، نەریتەکانیان دەگۆڕدرێت.

**2/4) نوێکردنەوەی پێناسەکردنی زمان، لە ڕوانگەی ئاستەکانی زمانەوە:**

لە بەشی یەکەم بە وردیی باسی (تیۆری ئاستەکانی زمان) کراوە. لە وەرترین دابەشکردنی ئاستەکان و جیاکردنەوەی پۆلە ئاخاوتنەکان و پێناسەکانی پسپۆڕانی جیاواز و زمانەوانەکاندا، کە هەریەکەیان لایەنێکی زمان، یان لە گۆشەنیگایەکەوە لە زمانیان ڕوانیوە و توێژینەوەیان تێداکردووە، بەڵام ئێستا لە سەر بنەمای شیکرنەوەکانەوە دەتوانرێت بگوترێت: زمان بە شێوەیەکی گشتیی ناوە، یان لە ناو پێکهاتووە و هەرچیش لە زمانەوە گۆبکرێت بە شێوەی دەنگ، یان بە زمانی ئاماژە دەرببڕێت، ناوێکە (ئاشکرایە، یان دیارنییە) بۆ شتێك، کە لە دنیای ناوەوەی مرۆڤ، یان دەرەوەی مرۆڤدایە. (تیۆری ئاستەکانی زمان) کە دەربڕاوی زمانی مرۆڤ بەسەر چەند ئاستێکدا دابەشکراوە. لە بچوکترین ئاستەوە، هەتا گەورەترین ئاست ناوێکی بۆ دەربڕاوی زمان داناوە و بەچەندین ناوی زانستییش گوزارشت لە شیکردنەوەی ناوەکانیش دەکرێت. لە کۆتاییدا دەتوانرێت بگوترێت: زمان ناوە، یان زمان لە ناوەکان پێکهاتووە.

## ئەنجامەکان

لە ئەم توێژینەوەیەدا، بە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە گەیشتووین:

1. زمان (دەربڕاو و نووسراو)، بریتییە لە ناو، ناوەکانیش جیاکەرەوەی زمانەکان و خودی زمانەکانیش پێکدەهێنن. لێرەوە دەتوانرێت ئەوە بگوترێت: ئەرکی سەرەکیی زمان بۆ مرۆڤ، بریتییە لە ناونان و دووبارە ناونانەوە، لە ڕێگەی ناونانەوەیە ژیان بەرە و گۆڕان و پێشکەوتنەکان دەبرێن و ناوەکانیش گۆڕان و پێشکەوتنەکان لە یەکتری جیادەکەنەوە.

2. لە شیکردنەوەکانەوە، بە ئەو ئەنجامە گەیشتوین، کاتێك مرۆڤ بیەوێت بە دنیای دەرەوەی خۆی وەك (مرۆڤەکان، گیاندارەکان، بێگیانەکان، کەرەستەکان"مادیی و نامادیی"، داهێنانەکان،..تاد) ەوە - پێوەندیی بکات، بیرکردنەوەی (ئاوەزیی) بەرانبەر ئەو شتانەی دەرەوە واتایەك دادەنن، بۆ ئەوەی ئەم واتایە لە دنیای دەرەوەدا خەڵکی لێیتێبگەن، دەکرێنە شێوەی

"فۆڕمی" وشەکانەوە، هەموو وشەکانیش کە لە زماندا(دەربڕاو و نووسراو)، هەیە - ناوە، بەرانبەر دنیای دەرەوەی مرۆڤەکان، کە مرۆڤ پێوەندیی لەگەڵیاندا هەیە.

3. ناوەکان بۆ شتەکان لە دنیای زمانە جیاوازەکاندا _ جیاوازن، بەڵام شتەکان هەر هەمان شتن لە دنیادا کە ناونراون. واتە جیاوازی لە شێوە (فۆڕم) - دا هەیە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا یەکێکن.

4. هاوکات لە ئەم توێژینەوەدا ئەوەش سەلمێنراوە، کە لە ڕێگەی ئاستەکانی زمانەوە، بچوکترین یەکەی ئاستی زمان ناوێك نراوە، بۆ ئەوەی ئێمە لە ئەو ئاستە تێبگەین.

5. لە ڕێگەی ناونان و دووبارە ناونانەوە، دیاردەکان لە زماندا خراونەتەڕوو، بۆ نمونە زاراوەی (هێز و ئاوازی ڕستە) دانراوە، ئەوکات دیاردەی واتاگۆڕین و فرەواتایی لە پێکهاتەی وشە و ڕستەدا بە تەواوی ڕوونکراوەتەوە، ئەمەیش گرنگیی ناو و دووبارە ناونانەوە، لە زانستی زماندا دەرخات.

6. وەك خرایەڕوو لە توێژینەوەکەدا، کە زمان ناوە، ئەمەیش بۆ ئەوەیە یەکبوونێك لە نێوان مرۆڤەکان لەسەر شت و کەرەستە جیاوازەکان دروستبکات/ ببێت، ئەم یەکبوون و ڕێکەوتنە لە هەرمیللەتێکدا لە ڕیگەی زمانەوە دەبێت و زمانیش بۆ مرۆڤ ئامرازێکە بۆ ئەوەی ناوی پێبنێت و دەوروبەر تێبگەیەنێت و خۆشی بەرە و پێشەوە بچێت.

## پەراوێزەکان

1.https://translate.google.com/#auto/de/dog لە ئەم لینکەوە، بە شێوەی دەنگیی و نووسین، شێوەی ناوی گیاندارێکی وەك سەگمان بە زمانە جیاوەزاکەناوە، وەك خۆی وەرگێڕاوە.

2.https://philosophyar.net/category/media/maarefat-sound/ لە ئەم لینکەوە، بیسەر و بینەری چەند بەرهەمی ڤیدیۆیی غلام محسین ابراهیم دینانی، فەیلەسوفی سەردەمی ئێرانیی بووین و سودمان لێوەرگرتووە.

3. * بۆ زانیاریی زیادتر لە تیۆرییەکانی نەوام چۆمسکی بڕوانە: تارا موحسن قادر، (2011). بە وردیی باسی تیۆرەکانی لە ساڵی (1958)ەوە بۆ ساڵی (1992) بە وردیی کردوە، کە باسی بەرەوپێشوەچوونی تیۆرییەکانی زمانی کردووە. ئالۆگۆڕی بیرۆکە زمانییەکانی بە نمونەی کوردییەوە توێژینەوەی تێداکردووە.

4. ئاشکرایە چەند نووسەری تر (م. نوری عەلی ئەمین، پ.د. فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، پ.د. بەکر عومەر عەلی، پ.ی.د.ئومێد بەرزان برزۆ، کۆڕی زانیاری کورد، پسپۆڕانی بەشەکانی زمانی کوردی لە زانکۆکانی هەرێم..تاد، باسی ئاستەکانی زمانیان کردووە و بیروڕای زانستیی وردیان لەسەر خستوتەڕوو، بەڵام لە بەر سنووری توێژینەوەکە، لە میتۆدەکانی ئەم وێژینەوەدا نەتوانراوە؛ بە شێوەی زانستیی قسە لەسەر ئەم کارانە بکرێت، بەڵام هەتا ڕادەیەکی باش ئاگاداری کارەکانین.

## سەرچاوەکان

### ا. بە زمانی کوردی


1. ئەورەحمانی حاجی مارف (1976)، **زمانی کوردی لە بەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا**، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.
2. ئیلیاس بیلکا(2016) **ئەقڵ و غەیب**، و: کۆسار بەرزنجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
3. ئازاد عەزیز سلێمان(2014)، **ململانێی زمان**، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەیدن، هەولێر.
4. ئەفلاتۆن (2006)، **کراتلیۆس**، و: ئاوات ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی.
5. ئەفلاتۆن (2015)، **پرۆتۆگۆراس** ، و: ئاوات ئەحمەد سوڵتان، چاپی دووەم، چاپخانە تاران، ژمارەی سپاردن لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (64)ی، ساڵی 2004 پێدراوە، سلێمانی.
6. تالیب حوسێن عەلی،(2014)، **زانستی زمان و زمانی کوردری**، چاپی یەکەم، چاپخانەی هەولێر.
7. تارا موحسین قادر (2011) **زمانی کوردی و منیماڵ پرۆگرام**، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
8. سەعید سدقی کابان (1928)، **موختسەر نەحوی کوردی**، چاپی یەکەم، چاپخانەی نەجاح، بەغداد.
9. سیروان سمین ئەحمەد (2015)، **دروستەی سینتاکسی لە شێوە ئاخاوتنی ناوچەی کەرکوکدا**، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
10. جاناتان کالر(2014)، **فەردیناند دو سۆسۆر**، و: مستەفا غەفور، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
11. محمد معروف فەتاح (1984) (د)، **زمانەوانی**، لە زانکۆی سەلاحەدین چاپکراوە، هەولێر.
12. محمد عەروف فتاح ، زمانەوانی ،چاپی سێیەم ، چاپخانەی حاجی هاشم ، 2011 ، هەولێر.
13. محەمەد محەمەد یونس (2010) **سەرەتایەك بۆ زانستەکانی واتاسازی و پراگماتیك**، و: نەریمان عەبدڵا خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
14. محەمەدی مەحوبی (د)، (2011) **بنەماکانی سینتاکسی کوردیی**، بەرگی یەکەم، لەسەر ئەرکی زانکۆی سلێمانی چاپکراوە، سلێمانی.
15. محەمەدی مەحوبی (د)، (2010) **مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان**، بەرگی یەکەم، لەسەر ئەرکی زانکۆی سلێمانی چاپکراوە، سلێمانی.
16. ڕۆژان نوری عبداللە (2007)، **فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی**، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.
17. غازی عەلی خورشید (2016)، **فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی**، چاپی یەکەم، دەستگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

18. فوئاد عەبدولڕەحمان (2009)، **بیر – ئاوەز – زمان**، چاپی یەکەم، دەزگا و چاپی حەمدی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك)، سلێمانی.
19. فەردیناد دیسۆسێر (2018) **کۆرسێ لە زمانوانی گشتی**، و: نەریمان خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
20. وریا عومەر ئەمین (پ.د) (2004)، **ئاسۆیەکی تری زمانەوانی**، چاپی یەکەم، دەزگا و چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
21. وریا عومەر ئەمین (پ.د) (2011)، **پێتۆکەکانی زمانەوانی**، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

ب. بە زمانی عەرەبی

- قوران **الكريم (القرآن الكريم).**

1. تۆفیق وەهبی (1956) **قواعيد الغه الكرديه**، باب الاول، بغداد
2. حاتم صالح الضامن (د)، (1990)، **فقهه اللغه**، دار معلم عالی فی البحپ العلمی، جامعه بغداد، بغدارد.

**پ. گۆڤاری زانستی**

1. هۆگر مەحمود فەرەج:( 19:2005) ، **كردەی گەیاندن لە نێوان سیمانتیك و پراكماتیگدا**، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، ژمارە (15)بەشی بی، سلێمانی.

**ت. پێگە ئەلیکترۆنییەکان:**

1.https://translate.google.com/#auto/de/dog\ لە ئەم لینکەوە، بە شێوەی دەنگی و نوسین، ناوی گیاندارێکی وەك سەگ و نانمان بە زمانە جیاوەزەکانەوە وەرگرتووە و وەک خۆی وەرمانگێڕاوە.

2.https://philosophyar.net/category/media/maarefat-sound/ لە ئەم لینکەوە، بیسەر و بینەری چەند بەرهەمی ڤیدیۆی (غلام محسین ابراهیم دینانی)، فەیلەسوفی سەردەمی ئێستای ئێرانی بووین و سودمان لێوەرگرتووە، 2018.

3. (**https://www.uni-due.de/SHE/REV_Levels_Chart.htm**)

**ج. چاوپێکەوتنی تایبەت:**

1. عبدالله عبدالعزیز کریم (2019)، **لەسەر تێگەیشتنی نوێ لە ئاین**، بیرمەند و مامۆستای ئایینیە، گفتوگۆمان لەتەکدا کردووە،21-2019/1/22 سلێمانی.

2.عادل ڕەشید قادر (پ.ی.د.)، **پسپۆری فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی**، لەسەر ئەم دووبوارە گفتوگۆمان لەتەکدا کردووە. 2019/2/20، زانکۆی سلێمانی.